# FCC Consumer Facts

## دانانی وەرگێڕی ( کۆنڤێرتەر ) دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ لەگەڵ ڤیدیۆ سیدی (VCR )

تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ سیدی(VCR) دەتوانن پەخشی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی وەربگرن بە بەکارهێنانی "وەرگێڕی ( کۆنڤێرتەر) دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ " کە لە شوێنەکانی فرۆشتنی بەتاك لە بازاڕ دەست دەکەوێت. ئەگەر تۆ یەك وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵ ( کۆنڤێرتەر) بۆ ئەنەلۆگ لەگەڵ ڕێگەی دامەزراندنی ژمارە 1 بەکاربهێنیت، ئەوا دەتوانیت لەیەك کاتدا تەنها یەك کەناڵ سەیر بکەیت و تۆمار بکەیت. ئەگەر تۆ دوو وەرگێڕی کارەبایی دیجیتاڵ ( کۆنڤێرتەر) بۆ ئەنەلۆگ لەگەڵ ڕێگەی دامەزراندنی ژمارە 2 بەکاربهێنیت، ئەوا دەتوانیت سەیری یەك کەناڵ بکەیت لەم کاتەی کەوا دەتوانیت کەناڵێکی تری جیاواز تۆمار بکەیت.

### ڕێگەی دامەزراندنی ژمارە 1: سەیر کردن و تۆمارکردنی یەك کەناڵ لە یەك کاتدا




وایەری یەك تەوەرەیی( یەک فیشە)


**کەلوپەل و کەرستەکان:** تەلەفیزیۆنی ئەنەلۆگەکەت ، ڤیدیۆ سی دی ئەنەلۆگی ، ئەم ئەنتێنایەی ( ئاریێل) کەوا ئێستا بەکاری دەهێنیت ( ئەنتێنای ژوورەوە یان دەرەوە ( سەربان)) ، لەگەڵ وایەرە یەك تەوەرەییەکە( یەک فیشە) کە ئەنتێنایەکەت دەبەستێت بە ڤیدیۆ سی دییەکەت(VCR) ( هەروەك لە وێنەی دەستە ڕاست دیارە). وەرگێڕە دیجیتاڵ ( کۆنڤێرتەر) بۆ ئەنەلۆگەکەت لەگەڵ وایەرێکی یەك تەوەرەیی تر و ریمۆت کۆنترۆڵێك دادەنرێت. دەبێت وایەرەی کارەبایی تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ سیدیەکەت لەناو سەرچاوەی کارەبا دەر بهێنیت پێش دەست پێکردن بەم کردارە ( دەبێت کارەبا لەسەر تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ سیدیەکەت ببڕیت)

هەنگاوی ❶ وایەری( وایەری یەك تەوەرەیی) ئەنتێناکەت لەپلاکی پشتەوەی VCRکەت " شوێنی ئەنتێنا( RF)][Antenna In (RF)" دەربهێنە .


وایەری بەستراو لەنێوان تەلەفزیۆن و VCR کەت وەکو خۆی بەجێ بهێڵە ( کە کێبڵی فیشەی (A\V) یان وایەری یەك تەوەرەیی بەکارهاتووە).




هەنگاوی ❷ وایەرەیە یەك تەوەرەکەت لەناو پلاکی " شوێنی ئەنتێنا( RF) [Antenna In (RF)]" لەسەر وەرگێڕی کارەبایی دابنێ.




هەنگاوی ❸ بەبەکارهێنانی وایەرەیە یەك تەوەرەییەکەت کەوا دێتە ناو وەرگێڕە کارەبایەکەت ، سەرێکی وایەرەکە بخە ناو پلاکی " لەدەرەوە بۆ ناو تەلەفزیۆن " RF"[ Out To TV (RF)] لەسەر وەرگێڕە کارەبایەکە. سەرەکەی تری وایەرەکە لەناو پلاکی " شوێنی ئەنتێنا( RF)][Antenna In (RF) ]" لەسەرVCR کەت دابنێ.





هەنگاوی❹ وایەرەکانی ووزەی کارەبایی وەرگێڕە کارەبایەکە وVCR و تەلەفزیۆنەکەت لەناو پلاکی سەرچاوەی کارەبا دابنێ ، پاشان تەلەفزیۆن وVCR و وەرگێڕە کارەبایەکەت پێ بکە. VCR کەت بخە سەر کەناڵەکانی 3 یان 4(بەبەکارهێنانی ڕێنماییەکانی نامیلکەی کەتەلۆگ) وەرگێڕە کارەبایەکە) وە تەلەفزیۆنەکەت بخەرە سەر کەناڵی ڤیدیۆ بۆ نیشاندانی ناوەڕۆکی ڤیدیۆ سیدیەکەت (VCR).
بەبەکارهێنانی ئەم ریمۆت کۆنترۆڵەی کەوا لەگەڵ وەرگێڕە کارەبایەکە دایە، ڕێنماییەکانی ڕێکخستن کەلەسەر شاشە بەدیار دەکەون جێ بەجێ بکە بۆ گەڕان بەدوای ئەم کەناڵە تەلەفیزیۆنیانەی کە تەلەفزیۆنەکەت وەریدەگرێت وە کاتێکی خۆش بەسەر ببە لەگەڵ سوودەکانی

FCC
Federal Communications Commission ▪ Consumer & Governmental Affairs Bureau ▪ 445 12th St., SW ▪ Washington, DC 20554
1-888-CALL-FCC (1-888-225-5322) ▪ TTY: 1-888-TELL-FCC (1-888-835-5322) ▪ Fax: 1-866-418-0232 ▪ www.fcc.gov/cgb




تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی! دەتوانیت بەرنامەی ئەم کەناڵەی کەوا کردۆتتەوە لەسەر وەرگێڕە کارەباییەکەت تۆمار بکەیت.

## دامەزراندنی ژمارە 2: سەیر کردنی یەك کەناڵ لەم کاتەی کەناڵێکی تر جیاواز تۆمار دەکەیت




وایەری یەك تەوەرەیی( یەک فیشە) | کێبڵی فیشەیA\V چەندین سەر

**کەلوپەل و کەرستەکان:** تەلەفیزیۆنی ئەنەلۆگەکەت و ئەم ئەنتێنایەی کەوا تا ئێستا بەکاری دەهێنیت ( ئەنتێنای ژوورەوە یان دەرەوە( سەربان)) ، لەگەڵ وایەرە یەك تەوەرەییکە کە لەکاتی ئێستا ئەنتێنایەکەت دەبەستێت بە تەلەفزیۆنەکەت ( هەروەك لە وێنەی دەستەچەپ دیارە) لەگەڵ وایەری یەك تەوەرەیی کە درێژیەکەی چوارئەوەندە بێت ، لەگەڵ کێبڵی فیشەیA\V سێ سەر ( هەروەك لە وێنەی دەستە ڕاست دیارە) ، دابەشکەری کارەبایی( سپلیتەر) دوو سەر لەگەڵ **دوو وەرگێڕی کارەبایی.** هەر یەك لە وەرگێڕە کارەباییە دیجیتاڵ ( کۆنڤێرتەر) بۆ ئەنەلۆگەکانت لەگەڵ وایەرێکی یەك تەوەرەیی و کێبڵی فیشەیA\V سێ سەر(کە سەرەکانیان سوور و زەرد وسپییە) و ریمۆت کۆنترۆڵێك دادەنرێـت. دەبێت وایەری سەرچاوەی کارەبایی تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ سیدیەکەت دەر بهێنیت پێش دەست پێکردن بەم کردارە ( دەبێت کارەبا لە تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ سیدیەکەت ببڕیت).


| | |
|---|---|
| هەنگاوی ❶ وایەری یەك تەوەرەیی ( یەك فیشە) ئەنتێناکەت لەپلاکی VCRکەت " شوێنی ئەنتێنا( RF)[ Antenna In (RF)]" دەربهێنە . <br><br> هەنگاوی ❷ وایەرەیە یەك تەوەرەکەت # 2 لەناو پلاکی " بۆ ناو تەلەفزیۆن [(RF) To TV ]" دەربهێنە. سەرەکەی تری وایەری # 2 لەناو تەلەفزیۆنەکەت بەجێ بهێڵە. |  |
| هەنگاوی ❸ وایەری یەك تەوەرەیی ئەنتێناکەت لەناو" شوێنی دانانی(in)" دابەشکەری کارەباییە دوو سەرەکە دابنێ. |  |
| هەنگاوی❹ سەرە نەبەستراوەکەی وایەری # 2 لەناو شوێنی " لە دەرەوە بۆ تەلەفزیۆن ( RF)[Out to TV ] " لەسەر وەرگێڕە کارەبایەکە "A" دابنێ. <br><br> هەنگاوی❺ سەرێکی وایەری یەك تەوەرەیی # 3 لەناو یەکێک لە دەرچەکانی" شوێنی دەرچوون[Out] " ی دابەشکەرە کارەباییە دوو سەرەکە دابنێ. وە سەرەکەی تری لەناو شوێنی " دانانی ئەنتێنا[ Antenna In](RF)" لەسەر وەرگێڕە کارەباییەکە "A" دابنێ. |  |

هەنگاوی❻ سەرێکی وایەری یەك تەوەرەیی #4 لەناو دەرچەکەی تری" شوێنی دەرچوون [ Out]" دابەشکەرە کارەباییە دوو سەرەکە دابنێ. وە سەرەکەی تری لەناو شوێنی " دانانی ئەنتێنا(RF)[ Antenna In]" لەسەر وەرگێڕە کارەبایەکە "B" دابنێ.

هەنگاوی❼ سەرێکی وایەری یەك تەوەرەیی #5 لەناو شوێنی " لەدەرەوە بۆ ناو تەلەفزیۆن [ Out to TV] (RF)" لەسەر وەرگێڕە کارەباییەکە "B" دابنێ.. وە سەرەکەی تری لەناو شوێنی " دانانی ئەنتێنا(RF)" لەسەر VCRکەت دابنێ.




هەنگاوی❽ سەرێکی کێبڵی فیشەیA\V یەکە لەناو شوێنەکانی " دەرچەی A\V یەکە[ A/V Out ]" لەسەر VCR کە دابنێ. دەبێت ڕەنگی سەری فیشەکە وەکو ڕەنگی دەرچەکە بێت ، واتە رەنگی سور لەناو شوێنی رەنگی سوور وە رەنگی زەرد لەناو شوێنی رەنگی زەرد وە رەنگی سپی لەناو شوێنی ڕەنگی سپی.
سەرەکەی تری کێبڵی فیشەی A\V لەناو شوێنی " دانانی A\Vیەکە[ A/V In]" لەسەر تەلەفزیۆنەکە دابنێ بەهەمان شێوەی سەرەوە.
ئەگەر تەلەفزیۆنەکەت شوێنی فیشەی رەنگ سووری (Audio R) نەبوو ، ئەوا هەردووك سەری فیشە سوورەکە دەربهێنە.




هەنگاوی❾ وایەری کارەبایی وەرگێڕەکارەبایەکان و VCR و تەلەفزیۆنەکە لەناو سەرچاوەی کارەبا دابنێ ، وە پێیان بکە. تەلەفزیۆنەکەت بخەرە سەر کەناڵی 3 یان 4 (بەگوێرەی ڕێنمایەکانی نامیلکەی ( کەتەلۆگ) وەرگێڕە کارەبایەکە) بۆ رێکخستنی وەرگێڕی کارەبایی "A" . بەبەکارهێنانی ئەم ریمۆت کۆنترۆڵەی کەوا لەگەڵ وەرگێڕە کارەبایەکە"A" دایە،ڕێنماییەکانی رێکخستن کەلەسەر شاشە بەدیار دەکەون جێ بەجێ بکە بۆ گەڕان بەدوای ئەم کەناڵە تەلەفیزیۆنیانەی کە تەلەفزیۆنەکەت وەریدەگرێت.

هەنگاوی❿ تەلەفزیۆنەکەت لەسەر "Audio/Video In" دابنێ و VCRکەت بخەرە سەر کەناڵی 3 یان 4 (بەگوێرەی ڕێنمایەکانی نامیلکەی ( کەتەلۆگ) وەرگێڕی کارەبایی "B"). بەبەکارهێنانی ئەم ریمۆت کۆنترۆڵەی کەوا لەگەڵ وەرگێڕی کارەبایی "B" دایە، ڕێنماییەکانی ڕێکخستن کەلەسەر شاشە بەدیار دەکەون جێ بەجێ بکە بۆ گەڕان بەدوای ئەم کەناڵە تەلەفیزیۆنیانەی کە تەلەفزیۆنەکەت وەریدەگرێت.

- **ئەگەر بتەوێت بەرنامەیەك بەبەکارهێنانی ڤیدیۆ سیدیەکەت (VCR) تۆمار بکەیت ، ئەوا کەناڵەکە لەسەر VCR کەت لەسەر کەناڵی 3 یان 4 دابنێ ، وە وەرگێڕەکەت بخەرە سەر ئەم کەناڵەی کە دەتەوێت.**
- **ئەگەر وەرگێڕە کارەباییەکەت " ریمۆت کۆنترۆڵی جیهانی (جۆکەر)" لەگەڵ دابوو وەیان تۆ خۆت ریمۆت کۆنتڕۆڵی جیهانیت هەبوو ، ئەوا ئەم رێنماییانە بەکار بهێنە کەوا لە ناو کەتەلۆگی وەرگێڕە کارەباییەکە دایە بەمەبەستی دانانی بەرنامەی ریمۆت کۆنتڕۆڵەکەت بۆ ئەوەی بکرێت لەگەڵ تەلەفزیۆن و VCR و وەرگێڕە کارەبایەکەت بەکاری بهێنیت.**
- **ئەگەر تۆ ئامێری DVD یانDVR ت هەبوو، ئەوا دەبێت بە گوێرەی ئەم هەنگاوانەی کە لەسەرەوە باسکراوە دایبنێیت.**

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی گواستنەوەی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵ (DTV ) ،ئەوا سەیری سایتی www.dtv.gov بکە وەیان پەیوەندی بکە بە FCC لە رێگەی ئیمەیلی dtvinfo@fcc.gov ، یان پەیوەندی کردن بە (1-888-225-5322) 1-888-CALL-FCC دەنگ وەیان TTY (1-888-835-5322) 1-888-TELL-FCC : وەیان بەفاکس بەژمارەی 1-866-418-0232: وەیان بە نووسینی نامەیەك بۆ :

Federal Communications Commission
Consumer & Governmental Affairs Bureau
Consumer Inquiries and Complaints Division
445 12th Street, SW
Washington, DC 20554

بۆ دەست کەوتنی ئەم بڵاوکراوەیە وەیان هەر بڵاوکراوەیەکی تری بەکارهێنەر بە فۆڕماتێکی سادە ( دەقی *ASCII*
ئەلکترۆنی ، برایڵ ، چاپی گەورە، ئۆدیۆی بیستراو) ، تکایە نامەیەکمان بۆ بنێرە وەیان پەیوەندیمان پێوە بکە بەم
ناونیشانە وەیان ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوە ، وەیان ئیمەیلێك بنێرە بۆ ***FCC504@fcc.gov***.

بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەرئەم بابەتە و بابەتەکانی تری بەکارهێنەری *FCC* لە رێگەی لیژنەی خزمەتگوزاری بەشداربووان
لە رێگەی ئەنتەرنێت ، کلیك لەسەر ئەم سایتە بکە
***http://www.fcc.gov/cgb/contacts/***

ئەم دۆکیومێنتە تەنها بۆ مەبەستی فێرکردنی بەکارهێنەران دانراوە نەوەک بۆ کاریگەری خستنە سەر هەر
هەنگاو یان حالەتێك کەوا پەیوەندی بەباتەوەکەوە وەیان بابەتی پەیوەندیداری هاوشێوەوە هەبێت